کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-1-2007 18:37

# پۆلیسی کەرکوک خاینی لێنابڕێ و دوبزیش دەبێتە فەلوجە ... سەرباز کەرکوکی

گەورەترین مەترسی لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لەکەرکوك لەناو سلکی پۆلیسدا دروستبوو ئەویش بەوەی کەئەفسەرەکانی سەردەمی رژێم ئەوەی لەناو سوپادابوون هەڵوەشایەوە، دایرەی ئەمن و ئیستخبارات نەما، بەلاّم پۆلیس ئەفسەرە کۆنەکانی سەردەمی سەدامی تیامایەوە کەپێشتریش زۆربەیان عەرەب و تورکمان بوون، کاتێ کوردیش گەڕایەوە کەرکوك بەشێك ئەفسەری کوردی جێکردەوە لەپارتی و یەکێتی. . بەلاّم حیزبە کوردییەکان کارێکی خراپتریانکرد چوون َن بۆزیادکردنی ژمارەی کورد لەپۆلیس ئەفسەرەکۆنە کوردەکانیان هێنایەوە بۆ ناو پۆلیس هەرچەندە هەندێ کورد هەبوون لەعەرەبە بەعسیەکان زیاتر دژی کوردبوون، بەلاّم یەکێتی و پارتی بۆ زیادکردنی نفوزی خۆیان لەکەرکوك و هەریەکە بۆزیادکردنی ئەفسەری خۆی لەناو پۆلیس کەوتنە کڕین و دەعمکردنی ئەو زابتە کوردانەی پێشتر لەدەزگا ئیستخباراتییەکانی عیرَراقدا کاریانکردبوو. یەکێك لەتاوانبارترین کەس (عقید حوسێن نیعمەت هیاس) بوو کەلەئیستخباراتی عێراق بەشی عەسکەری واتا مەنزومەو دواتر لەشوعبەی پێنج لەو شوێنەی کەسەدامی لێ عیدام کرا دەوامی ئەکرد، چەندین کوردی داوەتە دەستەوەو خۆی لەشوعبەی پێنج تەحقیقی لەچەندین کوردی کەرکوك کردووە. خەڵکی داوەتە دەستەوە چەندەها شانەی نهێنی پارتی و یەکێتی ئاشکرا کردووەو یان ئیعدام یان حوکمدراون لەسەردەستی ئەو زاتە تاوانبارە: بەلاّم لەدوای روخانی بەعس پارتی و یەکێتی بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری خۆیان گوێیان نەدایە ئەوەی ئەمانەی لەخۆیان خڕیدەکەنەوە باشن یان خراپ گرنگ ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆرتر لەدەوری حیزبەکانیان بێت، بەلاّم گوێیان نەدایە ئەوەی ئەم میکرۆبانە جارێکیتر لەناوو لەپەنای دەسەلاّتی کوردەوەکەونەوە کارکردن، بۆیە دەبنی پۆلیسی کەرکوك لەهەموو پۆلیسی عێراق گەندەڵ ترەو ئەم میکرۆبانە بەپارەو بەرتیل هەموو کارێکدەکەن ئێستا عەقید حوسین کراوەتە بەڕێوەبەری پۆلیسی دوبز کەهاوسنورە لەگەڵ حەوینجە رێگای سەرەکی تیرۆرستانە بۆ ناو کەرکوك و تەقاندنەوەی بۆڕیە نەوتەکان، نەگبەتی و قوڕیش بەسەر کەس و کاری شەهیدەکان و ئەوانەی خوێنیان داوەو خەون بەداهاتووی ئەم میللەتەوە ئەبینن، ئەوەتا بەری رەنج و خەباتی ئەو میللەتە کەسێکی وەك عقید حوسێن بەرەکەی دەخوات کەلەسەردەمی رژێمدا لەئیستخباراتی عەسکەری ولەشوعبەی 5 بووەو ئێستایش بەڕێوەبەری پۆلیسی دوبزەو لەگەڵ بنەماڵەی وەسفی عاسی تیزێن فی لیباسن و با تێکۆشەرەکانی کوردیش سیر بخۆن و زوڕنا لێدەن. .

سەرباز کەرکوکی


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.